# لەنێوان عەلی حەریری و عەلی سۆرانی - دا

هێمن عومەر خۆشناو
(شەقڵاوە)


ئەگەرچی بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردیمان هێشتا زۆر لایەنی تاریک ماون و هەر حەوجێ بە گەڕان و شەنوکەوکردنی دەستخەت و ئەرشیڤخانەکانین، بەڵام هەوڵە تاکەکەسییەکانیش لەو بوارەدا زۆر کەلێنیان پڕ کردووەتەوە و دەرگایان بەسەر زۆر بابەتی جیاجیادا کردووەتەوە، کە بە هەموویان ڕێخۆشکەرن بۆ ڕووناککردنەوەی زۆر لایەنی تاریکیی مێژووی ئەدەبیمان.

یەکێک لەو شاعیرانەمان؛ عەلی حەریری- یە، کە بۆچوونی جیاجیا لەسەر ژیانی هەیە و هێشتا زۆری ماوە لێی دڵنیاببینەوە، بەڵام هەوڵ و گەنگەشەکان بەردەوامن و لەم ساڵانەی دواییدا قسەی زۆری لەسەر کراوە و لە هەمووشیان گرنگتر بەشێک لە شیعرەکانی لە لایەن برای ئەندازیار ڕزگار جەباری -یەوە لە دووتوێی دیوانێکدا کۆکراونەتەوە، کە ئەمە سەرەتایەکی باش بوو بۆ کردنەوەی دەرگا بەسەر بۆچوونە جوداکان، کە لەبەر سێبەریدا تینووی دۆزینەوەی وەڵامی دیکە بین بۆ پرسیارە بێ وەڵامەکان.

ڕزگار جەباری لە سۆراغی عەلی حەریری نەوەستاوە و کەوتووەتە گومان بەوەی ئەو عەلی سۆهرانییەی مامۆستا محەمەدعەلی قەرەداغی لە (کنوز الکرد)دا لەسەر دەستخەتێکی شیعری «دیسا ژ نو عەشقا بەرین»ی عەلی حەریری نووسراوە «هذا البیت افضل الشعراء

فی الاکراد علی السورانی» (١) هێناویەتییەوە؛ ئەمە عەلی حەریری خۆیەتی، بۆیە لە خانەی دەستنووسەکانی شاری بەغدا دەستنووسەکەی هێناوەتەوە، ئەمە دنەی دام کە چاوێک بەنێو ئەرشیڤی عوسمانیشدا بخشێنم و بە دوای ئەو عەلی سۆرانییەی کەرکووک کە ناوی لەنێو زانا و مەدرەسەکانی کەرکووک (٢) دا هاتووە، بچم.

ئەو دەستنووسەی خانەی دەستنووسەکانی بەغدا ئەوە یەکلا دەکاتەوە، کە عەلی حەریری بە عەلی سۆرانی-یش ناسراو بووە، ئەمەش سەر بۆ ئەوە دەکێشێ کە گومان بکەین و وای دابنێین کە مەدرەسەی سۆرانی لە کەرکووک و خودی عەلی سۆرانیی مودەڕیس و موفتیی شارەکە بۆی هەیە کە خودی عەلی حەریری بن، بەڵام پێویستی بەساغکردنەوەی زێترە و ڕەچاوکردنی سەردەمی ژیانیان ڕەنگە زۆر گومان بڕەوێننەوە، بۆیە لە ڕێی بەڵگەنامەکانی عوسمانییەوە هەوڵ دەدەین چەند لایەنێک ڕوون بکەینەوە.



## ١-عەلی سۆرانی

ئەم زانایە ناسراوە، کە لە کەرکووکدا خاوەنی مەدرەسە بووە، بەڵام پێشتر زانیاریی نەبوو لەسەر ئەوەی کە موفتی بووە، بە گوێرەی بەڵگەنامەیەک کە مێژووی ١٢٥٥/١٢/٢٩ی کۆچی (١٨٤٠/٣/٤ز) لەسەر نووسراوە، ئاماژە بەوە دراوە کەوا مەدرەسەیەک لە کەرکووک هەبووە، کە موفتی پێشوو، مەرحووم عەلی ئەفەندی دروستی کردووە. ئەو کەسانەی خزمەتی ژوورەکانی ئەو قوتابخانەیەیان کردووە، وەک گەسکلێدان و ڕووناککردنەوەی قەندیلەکان، لە باج و سەرانەی میریدا بەخشراو بوون، بەڵام وادیارە داوایان لێ کراوە و بەو باجانە بێزارکراون، بۆیە ئەم بەڵگەنامەیە بۆ ئەوەیە کە داواکردنی ئەو باجانە لەو خزمەتگوزارانە قەدەغە بکرێت (٣).

لەم بەڵگەنامەیەدا ناوی عەلی سۆرانی بە موفتی هاتووە، بەڵام دەربڕینی موفتیی پێشوو/ سابق و پەیڤی مەرحووم کە زیاتر بۆ سەردەمێکی نزیک بەکاردێت، تاڕادەیەک دوورمان دەخاتەوە لەوەی کە مەبەست (عەلی سۆرانی)ی شاعیر بێ، چونکە ئەگەر حەفتا ساڵیش پێشووتر بووبێ، ئەوە دەوروبەری ١٧٧٠ی زایینی دەکات، ئەمەش ناکاتە ئەوەی بڵێین ناوبراو هاوچەرخی خانزاد و پەریزادی سۆران بووە، مەگەر پێشوو/ سابق تەنیا بە زەمەنی ڕابوردوو بزانین و بۆی هەیە مەبەستی موفتیی کۆتایی ساڵانی ١٦٠٠ بێت، ئەمەش لە بەڵگەی دادێ دەردەکەوێ کە باوکی حەمزە بووە، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە لە بەڵگەنامەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە عەلی سۆرانی خۆی بنیادی ناوە.

**٢-حەمزە عەلی سۆرانی**

ئەمە کە وا دیارە کوڕی عەلی سۆرانیی موفتی بووە و وا پێدەچێ دوای مردنی باوکی، ئەم کرابێتە موفتی شاری کەرکووک، ئەگەرچی زانیارییەکی ئەوتۆمان لەبارەی ژیانییەوە نییە، ئەوەندە هەیە لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی ١١٤٤/١٢/٢٩ی کۆچی (١٧٣٢/٦/٢٣ز) لەسەر نووسراوە، یادداشتی کۆمەڵێک لە زانا و مودەڕیس و موفتی و دانیشتووانی کەرکووکی تێدایە کە داوایان لە سوڵتانی عوسمانی کردووە بە ناردنی سەرباز بە هانایانەوە بێن، چونکە ڕووبەڕووی هێرشی شەهماسب بوونەتەوە، ئەوجا لەنێو ئەو زانایانەدا مۆری حەمزە عەلی سۆرانی هەیە کە خۆی بە (الداعي الحقير الفقير حمزە صهرانیی مفتي سابق) موفتیی پێشوو ناساندووە و لە نێو مۆرەکەشدا نووسیویەتی (حمزە بن علي) (٤)، کەواتە لە سێ دەیەی سەرەتای سەدەی هەژدەمدا -نازانرێ چەند ساڵ- ناوبراو موفتیی کەرکووک بووە. ئەگەر لە مێژووی ئەم بەڵگەنامەیە ورد بینەوە و وا دابنێین کە مادەم گوتراوە حەمزە سۆرانی موفتیی پێشوو بووە، ئەگەر ئەوسا تەمەنی نزیک حەفتا ساڵی بووبێ، ئەوا باوکیشی ٢٠ -٣٠ ساڵ لەخۆی گەورەتر بووبێ، کەواتە عەلی سۆرانی لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدە، واتە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەم ١٦٥٠ ژیاوە و ڕەنگە لەو نیو سەدەیەدا موفتی بووبێت.


**سەبارەت بە مودەڕیسایەتیی بنەماڵەی سۆرانی**

شیعرەکانی عەلی حەریری ئەوە یەکلایی دەکەنەوە کە شاعیر شارەزا بووە و یەکێک بووە لە زاناکانی سەردەمی خۆی، بۆیە لەگەڵ مودەڕیسبوون و موفتیبوونی سۆرانییەکان لە کەرکووک تێک دەکاتەوە، بەوەی لەو کاتەدا کەرکووک ناوەندێکی ئیداری بووە و ئاسایی بووە کە زانای ناوچەی سۆران لەوێدا کاروباری ئایینی خەڵکیان بەدەست بووبێت، یان مامۆستا و مودەڕیسی یەکێک لە مەدرەسەکانی ئەو شارە بووبن، ئەوجا لەو سۆنگەیەوە لەنێو بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا دوو مەدرەسەی شاری کەرکووک دەبینرێن کە سۆرانییەکانی تێدا مودەڕیس بوونە، ئەوانیش:

**ا-مەدرەسەی شاغازی**

ئەم مەدرەسەیە مێژوویەکی دێرینی لەناو شاری کەرکووکدا هەیە، ئەگەرچی مێژوونووس مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی پێی وایە مەدرەسەکە لە لایەن شاغازی بابان-ەوە دروست کرابوو، کە ئەم شاغازییە، ئەحمەد پاشای کوڕی سەلیم پاشای بابان بوو، شاعیرێکی کوردیش بە فارسی دەربارەی وتبووی:

**شاه غازی احمد لشکر شکن**



**انک تیغش قلب اعدا میبرید** (٥)

بەڵام ئێمە پێمان وایە ڕۆژبەیانی هەڵەی کردووە، چونکە ئەحمەد پاشای کوڕی سەلیم پاشا لە ساڵی ١٧٦١ی زایینی دەبێتە پاشای بابان و دوای ئەوەی ناکۆکیی لەنێو بنەماڵەی بابان دروست دەبێ و سلێمان پاشای گەورە دەچێتە ئێران و دەبێتە والیی ویلایەتی ئەردەلان (٦)، لە کاتێکدا بە گوێرەی بەڵگەنامەکانی عوسمانی زۆر پێش ئەو مێژووە، ئەم مەدرەسەیە هەبووە، ئەمەیش نزیکمان دەکاتەوە لەوەی بڵێین سۆرانییەکان پێش ئەو مێژووە لەم مەدرەسەیەدا مودەڕیس بوون، بە بەڵگەی ئەوەی:


١- لە ساڵی ١١٠٢ی کۆچی (١٦٩٠-١٦٩١ز) دا، وا دیارە مەولانا مەلا عەلی سۆرانی لەو مەدرەسەیەدا مودەڕیس بووە، کە لە بەڵگەنامەکەدا بە-قدوة العلماء المحققین مولانا علي السهراني افندي (زیده فضله)- ناوی هاتووە، ئاماژە بەوە دراوە کە ناوبراو ژمارەیەکی زۆر فەقێی هەن و لەو مەدرەسەیەدا مژوولی دەرسدانەوەیە. بەڵگەنامەکە مێژووی ١١٠٢/٦/١٠ی کۆچی (١٦٩١/٣/١١ز) لەسەر نووسراوە (٧).

٢ -لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا کە مێژووی ١١١٥/٨/٢٥ی (١٧٠٤/٢/٣ز) کۆچی بەسەرەوەیە، وا دیارە محەمەد ئەلخالیدی کە لە نووسراوەکەدا ئاماژەی بەوە داوە کە لە کۆنەوە ئەوان سەرپەرشتی ئەو مەدرەسەیەیان لە باب و باپیرانەوە بۆ بەجێ ماوە و پێشتریش شێخولئیسلام؛ مودەڕیسێکی بەناوی مەلا عەلی بۆ ئەم مەدرەسەیەی ئێمە دامەزراندووە، بۆیە داوا دەکەن کە مەلا عەلی وەک مودەڕیسی ئەم مەدرەسەیە بمێنێتەوە و ئیحسانی پێ کەرەم بکرێ (٨).

لە هەردوو بەڵگەنامەکەی سەرەوەدا مەلا عەلی سۆرانی وەک مودەڕیس هەیە و نێوانیشیان (١٦٩١- ١٧٠٤ز)یە کە سێزدە ساڵ دەکات.

٣ -بەڵگەنامەیەکی دیکەی عوسمانی کە مێژووی ١١١٨/٧/٦ی کۆچی (١٧٠٦/١٠/١٤ز) لەسەر نووسراوە، داخوازینامەیەکی مەلا محەمەد ئەفەندیی موفتیی پێشووی کەرکووکە، کە تێیدا ئاماژە بەوە دراوە کە مەلا عەلی ئەفەندی مودەڕیسی ئەم مەدرەسەیە بۆ مەدرەسەی مەرجانییە لە بەغدا گوێزراوەتەوە، بۆیە مەدرەسەکە بێ مودەڕیس ماوەتەوە و خۆیشی لە باب و باپیرەوە دەگەڕێنەوە سەر نەسەبی خالیدی کوڕی وەلید و هەر لە کەرکووک بوونە، بۆیە داوا دەکات کە لە شوێنی ئەو بە مودەڕیس دابمەزرێ (٩).

لەم بەڵگەنامەیەدا ئەمە دەردەکەوێت کە ئەم (مەلا عەلی)یە، هەمان (مەلا عەلی سۆرانی)یە و وا دیارە لە دوای ساڵی ١٧٠٦ی زایینییەوە مەلا عەلی بۆ بەغدا گوێزراوەتەوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە لەو چەند



ساڵەدا بنەماڵەی سۆرانی تەنیا (مەلا عەلی)یان نەبووە، بەڵكوو شەش ساڵ دوای ئەو مێژووە باس لە مەدرەسەی مزگەوتی سەرا دەكرێ و ئاماژە بۆ ئەوە دەكرێ كە مەلا عومەر سۆرانی وەفاتی كردووە، ناشزانرێ ئەم مەلا عومەرە ئاخۆ كوڕی عەلیی سۆرانی بووە، یان یەكێكی دیكە بووە لە بنەماڵەكەیان، بە بەڵگەی ئەو بەڵگەنامەیەی عوسمانی كە مێژووی ١١٢٤/٢/٢١ی كۆچی (١٧١٢/٣/٣٠ز) لەسەر نووسراوە، ئاماژە بەوە كراوە كە لەو مەدرەسەیەدا مودەڕیسێك بە ڕەسمی بە ناوی «عبدالله افندی الموصلي» دامەزراوە و ئەم مامۆستایە هاتۆتە شوێنی مەلا محەمەد ئەفەندی كە مودەڕیسی ئەو مەدرەسەیە بووە و وەفاتی كردووە. هەر لە بەڵگەنامەكەدا باس لەوە كراوە كە لە مەدرەسەی مزگەوتی سەرادا عومەر ئەفەندی سۆرانی وەفاتی كردووە و بۆ هاتنە شوێنی ئەو داوا لە عەبدوڵڵا ئەفەندی كراوە (١٠). وا دیارە دوای دوو ساڵ ئەم مەلا



عەبدوڵلایەش وەفات دەكات، بۆیە داوا دەكرێ كە مودەڕیسێكی دیكەیان بۆ دابمەزرێ.

**ب-مەدرەسەی سۆرانی**

ئەم مەدرەسەیە كەوتبووە گەڕەكی شاترلوی ناو شاری كەركووك و لە لایەن ئەحمەد پاشای موتەسەڕیفی كەركووكەوە بنیادنراوە. مزگەوتەكە كەوتبووە شەقامی نێوان تەكیەی شێخ باقی و خانەقای سەید ئەحمەد (١١). لە ڕۆژنامەی كەركووك-ی ساڵی ١٩٣٠ دا هەواڵێك لەبارەی نۆژەنكردنەوەی ئەم مەدرەسەیە بە زمانی توركی هاتووە و تێیدا ئاگادارینامەیەك لە موتەسەڕیفییەتی شارەكەوە هاتووە بەوەی كە لە گەڕەكی شاترلودا مەدرەسەی سۆهرانی پێویستی بە نۆژەنكردنەوە هەیە و فەرمانی نۆژەنكردنەوەكەی دەرچووە، ئەوجا هەر كەسێك دەیەوێ ئەم گرێبەستە وەربگرێ با سەر لە ئەوقافی شارەكە بدات بۆ ئەوەی ڕێنماییەكان وەربگرێ (١٢).

ئەگەر ئەم مەدرەسەیە هەمان مەدرەسەكەی مەلا عەلی سۆرانی بێ، كە پێشتر مەلا عەلی سۆرانی لە مەدرەسەی شاغازیدا مودەڕیس بووە، وا پێدەچێ هەر بە هۆی (مەلا عەلی سۆرانی)یەوە ناوی سۆرانی بەبەردا بڕابێ. بەڵگەنامەیەكی عوسمانی باس لە مەدرەسەی مەلا عەلی سۆرانی دەكات، كە لە ساڵی ١٨٥٦ دا مەلا عەبدولعەزیز جوبرائیل محەمەد وا دیارە لە مەدرەسەی عەلی ئەفەندیی سۆرانی لەناو شاری كەركووك مودەڕیس بووە، چەند فەقێیەكی هەبووە، یەكێ لە فەقێكانی بەناوی مەلا عەبدوڵڵا كوڕی شەمام كە لە بنەڕەتدا خەڵكی گوندی هەزارمێردی سەر بە شاری سلێمانی بووە، چووەتە سنە و لە گوندی شالاوە نیشتەجێ بووە و چەند مانگ لەماوەبەر

بـە مەبەسـتی خوێنـدن ڕووی کردووەتـە ئـەم مەدرەسـەیە لـە کەرکـووک.

شـەوی ٢٥ی مانگـی جەمـادی دووەمـی سـاڵی ١٢٧٢ی کۆچـی (دەکاتـە بەرانبـەر ١٨٥٦/٣/٣ز) ئـەو کاتـەی مـەلا عەبدولعەزیـز خەوتـووە، بـە مەبەسـتی پارەلێسـەندنی چووەتە سـەری و شـەش خەنجـەری لـە سـەر و گـەرووی ناوبـراو داوە و بـە سـەختی بریـنداری کردووە، دواتـر هەڵاتـووە و لـە ڕێگـەدا بـە لەشـی بەخوێنـی تووشـی قەرەقـۆڵ بـووە و بـەو هۆیـەوە دەسـتگیرکراوە. دوای نۆزدە ڕۆژ بەهۆی سـەختی برینەکەیەوە مەلا عەبدولعەزیز وەفاتـی کـردووە. دواتـر بکـوژ گیـراوە و دانـی بـە تاوانەکەیـدا نـاوە کـە بـە ناهەقـی کوشـتوویەتی.

یەکێـک لـە میراتگرانـی کوژراوەکـە کـە نـاوی (جوبرائیل)ـە و مامـی کوژراوەکەیـە ڕووبـەڕوو لـە دانیشـتنەکە ئامادەبـوو کـە بکـوژ دانـی بـە تاوانەکەیـدا نـاوە. مـەلا عەبدولعەزیـز پیاوێکـی سـاڵح و زاهیـد و ئەهلـی عیلـم بـووە. دواتـر فەرمانـی لەسـێدارەدان بـۆ بکـوژ دەرچـووە، بـەڵام لەسـەر ئـەوە وەسـتاون ئەگـەر بنەماڵـەی کـوژراو لێـی ببـوورن ئـەوە فەرمانەکـە جێبەجـێ نابێـت (١٣).

لـە بەڵگەنامەکـەدا نـاو و مـۆری ئەندامانـی ئەنجوومەنـی شـار و فتـوا و دادگای کەرکـووک و والیـی شـارەزوور سـەید عەلـی تێدایـە.

ئـەم بەڵگەنامانـەی سـەرەوە ئەوەمـان بـۆ دەخەنە ڕوو، کە کەسایەتیی ئایینـی و زانستیی مـەلا عەلی سـۆرانی، چ وەک موفتـی و چ وەک مودەڕیـس و زانایەکـی بەناوودەنگـی ئـەو سـەردەمە، کاریگـەری و ناوبانگەکـەی تـا دەیـان سـاڵ دوای مردنیشـی مـاوە، بـە بەڵگـەی ئـەوەی چ نـاوی سـۆرانی و چ نـاوی مـەلا عەلـی سۆرانی باڵـی بەسـەر مەدرەسـە و لایەنی زانسـتیی شـارەکەدا کێشـاوە و سـەدەیەک دواتریش نـاوی لەنێـو بەڵگەنامـەدا هاتـووە و نـاوی مەدرەسـەی سـۆرانی-یـش تـا سـییەکانی سـەدەی بیسـتەم بـەردەوام بـووە.


### مزگەوتی مەلا حەمزە

ئـەم مزگەوتـە لەنـاو بەڵگەنامەکانـی عوسـمانیدا نـاوی بـە (مسـجد) هاتـووە نـەک (جامـع)، ئەگەرچـی مامۆسـتا محەمەدعەلـی قەرەداغـی پێـی وایـە مەدرەسـەی مەولانـا حەمـزە بەنـاوی مـەلا حەمزەیەکە کە مودەڕیسی مەدرەسـەی ناو مزگەوتـی دانیـال بـووە و ئـەو مەولانـا حەمزەیـش مـەلا حەمـزەی سـورچیی سـۆرانییە (١٤)، بـەڵام وەک مزگـەوت ئێمـە پێمـان وایـە مزگەوتـی مـەلا حەمـزە مزگەوتێکـی سـەربەخۆ بـووە و جیابـووە لـە مزگەوتـی دانیـال، بـە بەڵگـەی ئـەوەی لەنێـو لاپەڕەیەکـی بەڵگەنامەیەکـی عوسـمانیدا نـاوی هـەردوو مزگـەوت بـە جیـا هاتـوون. بەپێـی بەڵگەنامەیـەک کـە مێـژووی ١٢٧٧/٢/٢٩ی کۆچـی (١٨٦٠/٩/١٦ز) لەسـەر نووسـراوە، ئامـاژە بـەوە دراوە کـە وەقفـی مزگەوتەکـەی مـەلا حەمـزە لـە داهاتـی شـمیە؟ شـەش ئاقچـە تەرخـان کـراوە، کـە عەبدولوەهـاب سەرپەرشـتی دەکات و وەکیلەکەیشـی نـاوی عەبدولڕەحمانـە، ئەمـەش لـە حیسـابی سـاڵی ١٢٧٦ی کۆچییـە. نووسـراوەکە مێـژووی ١٩ی جەمـادای یەکەمـی سـاڵیی ١٢٧٧ی کۆچـی (١٨٦٠/١٢/٣ز) لەسـەر نووسـراوە (١٥).

نـاوی مـەلا حەمـزە، کـە لـە دەسـتخەتدا بـە مـەلا حەمـزە هاتـووە و پاشـناوی سورچی و سۆرانیشـی لەگەڵـدا هاتـووە، ئەمـە نزیکمـان دەکاتـەوە لـەوەی بڵێیـن ئـەم مـەلا حەمزەیـە لـە نەتـەوەی (عەلـی حەریـری)ی سـۆرانیی سـورچییە، وەقفەکەیـش بـۆ مزگـەوت و ناوێکـە کـە نـاوی مـەلا حەمزەیـە، دەشـێ چەنـدان سـەدە بـەردەوام بێـت، بـەڵام

هاتنی ناوی حەمزەی سۆرانی و حەمزەی کوڕی عەلی، وەک موفتیی پێشوو لە ساڵی ١٧٣٠ دا، زیاتر نزیکمان دەکاتەوە لەوەی بڵێین ئەم مەلا حەمزەیە کوڕی مەلا عەلی حەریریی شاعیرە، بەڵام هێشتایش پێویستمان بە سۆراغی زیاتر و بەڵگەی ئاشکراترە.

لێرەدا ئەگەر لەمە دڵنیاببینەوە کە ئەمە عەلی حەریری خۆیەتی، ئەوە گرفتیی سەرەکیی لە نیوسەدە تا سەدەیەکی تەواو مێژووی نێوان عەلی حەریری و خانزادی میری سۆران دروست دەبێت، ئەوسا ئەو چیرۆکانەی لەبارەی پێوەندیی عەلی حەریری بە خانزاد و پەریزادی خوشکی پووچەڵ دەبنەوە و دەسەلمێنرێ کە حەریری دوای ئەوان بووە، بێگومان ئەمەیش پێویستی بە لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی سەردەمی حکومڕانی خانزاد و دۆزینەوەی سەرەداوەکانی چوونی سۆرانییەکانە بۆ شاری کەرکووک، کە تا ئێستا لە بۆچوونی کەسیی بترازێ، بەڵگەی یەکلاکەرەوە بەردەست نین.



مۆری حەمزە کوڕی عەلی سۆرانی (موفتیی کەرکووک پێش ساڵانی ١٧٣٠ز)

**پەراوێزەکان:**

١- سپاس بۆ بەڕێز ڕزگار جەباری کە لاپەڕەی یەکەمی دەستنووسەکەی بۆ ناردم، ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئەو زانیارییانەی لەو بارەوە کۆم کردبووەوە، لە کتێبە چاپ نەکراوەکەم دەربێنم و لێرەی دابنێم.

٢- لەو بارەیەوە دوو کتێبی بەندە بە ناوەکانی (پەروەردە و فێرکردن لە کەرکووک لە ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانی) و (چمکێک لە مێژووی کەرکووک لە ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانی) لە بن چاپن و بڕیارە ئەمساڵ دەربکەون، کە تێیدا لە هەردوو کتێبدا باس لە مەدرەسەی سۆرانی و عەلی سۆرانیی موفتیی کەرکووک کراوە.

3- BOA. C..MF.. 134 – 6659

4- BOA.İE_AS___00089_08230_001_001

٥- کەرکووک لە سەردەمی پەیدابوونی عوسمانیدا، مێژوونووسێکی کورد(مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی؟)، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە ٤، تشرینی دووەم ١٩٩٧، ل ١١١٣.

٦- الشيخ معروف النودهي البرزنجي، تأليف محمد الخال، مطبعة التمدن، بغداد، ص١٦.

7- BOA. AE.SAMD.II.00016.1725.001

8- BOA.C..MF..00062.03062.001

9- BOA.İE.TCT..00014.001615.001

10- BOA.İE.TCT. 21 - 2296

١١- لە زاری بەڵگەنامەوە، خالید عەلی موراد، بەرگی ١ و ٢و ٣، کەرکووک ٢٠٢٣، ل ٤١١.

١٢- كركوك، ژمارە ٣١٠، ٨ تموز ١٩٣٠، ل ٣.

13- BOA.İ..MVL.356

١٤- هوية كركوك الثقافية والادارية، محمد علي قرداغي، منشورات آراس، ط١، اربيل، ٢٠٠٤، ص ١١.

15- BOA. EV.d... 17161 –